# ئاڵوگۆری بەڕێوە و کورد ماڵ وێران

حسێن سەعیدی دیلان

چاوەڕوانیی ئاڵوگۆر لە ئێران بە تەواوی دە ئارادایە، خەڵکی ئێران بەگشتی و گەنجان بە تایبەت لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا بە تەواوی نیشانیاندا کە راپەرین و داخوازی گۆرین گرۆکەفێکی ئانی نەبو، بەڵکو وەڕەزبوون و ناڕازی بونێکی ریشەدارە، بە کورتی کارد گەێشتۆتە ئێسکان.

ئێرانیەکان پاش دەمەقاڵەیەکی نە زۆر جددی بە هەموو باڵەکانیەوە لە سەر ئەوە کۆکن کە لەم قۆناغەدا بەهەموو تواناوە پشگیری ڕاپەرینی سەوز بکەن و داخوازیەکانی مووسەوی و کەڕوبی بکەنە دەسەچیلە و بەردەباز بۆ رووخاندنی کۆماری ئیسلامی.

دیارە لە ناو خۆیاندا ئەم باسە هەیە کە لە چ قۆناغێکدا بریاری یەکجاری بۆ لابردنی داب و یاسای ئیسلامی و جودا کردنی دین لە سیاست بدن.

لەو نێوەدا کورد لە پەراوێزی ئاڵوگۆڕەکەدا راگیراوە یا بۆخۆی وا کش و مات بوە کە هەوڵ نادا ڕۆڵێکی بەرچاو لەم ئاڵوگۆرە دا بگێرێ.

زیاتر لە سی ساڵە کە کچان و کوڕانی قارەمانی ئەم گەلە بەربەرکانی داگیرکەری ئیسلامی دەکەن.

بە هەزاران تێکۆشەر گیانیان لەم رێگایەدا بەخت کرد، کەچی ئێستا بە ئەنقەست و بە هۆی گۆێ لە مستی رابەرانی سیاسی کوردستان بە تەواوی لە پەراوێز دایە.

بەربڵاو بوون و خیرەسەری ئەحزاب و رابەرانی سیاسی کوردستان وای کردوە کە

فارس ئەم دەرفەتە بەباشی دە قۆزێتەوە و دەڵێ کاکە ***فڕ*** هەرکە س میتەی خۆی، با لە ئەوڵەوە دست پێبکەین.

سیاسەتوانان و نەیارانی حکوومەتی ئیسلامی بە هەموو باڵەکانیەوە لە هیچ لێدوانێکدا کە ئەوان دەیکەن باسی دڕندەیی حکومەتی ئیسلامی لە کوردستان ناکەن، بۆ ئەوان دڕندەیی و پیاو خراپی ڕژیم لە سالی 67 وە دست پێدەکا. دەڵی پێش ئەم تاریخە کۆماری ئیسلامی هیچ جنایەتێکی نەکردوە بە واتایەکی دیکە ئەم خۆ گێل کردنە، ئەم ڕاستیە دەر دەخا کە هەمویان لەسەر کوشت و بری کورد یەکدەنگن و پێیان کارێکی باش بووە کە " ***این گربه خفته بر دیوار آسیا*** " لە مەترسی کلک و گۆێ بڕان

نەجاتی بووە، کە وابێ دستی رژیمی ئیسلامی خۆش بێ کە کوردستانی نوقمی خوێن کرد.

گۆێ لە مستی ڕابەرانی سیاسی کورد ئەوەندەیە کە کێبەرکێی ئەوەیانە کە کامیان ئەو ئیفتخارە لە فارس وەر گرن، لە زەماوەند و هەڵپەڕکێ کەیاندا گاوانیان بدرێتێ.

رابەرانی ئێمە گۆێ لە مستی ئەوامری برادرانن ، بڕێکیان دڵیان بەوە خۆشە کە بەڵێنی پۆست و مقامیان دراوەتێ ، بڕێکیان ژومارەی مادەکانی خودموختاری دەژمێرن، برێکیشیان هەر هیچیان ناوێ.

ئەوی بە لای ئەم عالیجەنابانەوە هیچ بایەخێکی نییە کورد و کوردوستان و سەروەری نەتەوە و خوێنی بە ناحەق ڕژاوی دەیان و سەدان ڕۆڵەی بە ئەمەکی ئەم گەلەیە.

دەنا ئەگەر وانییە لەم سات و کاتە ناسکەدا کە ئاڵوگۆڕیی لە ئێران لە ئارادایە بۆ نابێ ئەحزابی سیاسی کورد بەلانی کەمەوە لەسەر چەند خاڵ کۆک بن بۆ ئەوەی بە قورسایی و هێزێکی یەکگرتوەوە بێنە مەیدانی ئاڵوگۆری یەکان و ئاوا لە پەراوێزدا نەبن.

کەس باسی ئەوە ناکا کە خودای نەخواستە بەرەیەکی گشتی کورد پێک بێ، بەڵام خۆ دەکری لەسەر وشەی فیدرالیزم کە هەمویان پێیان وایە کە کورد لەوەی زیاتر قابیل نییە، یەکگرن، یاخود لەر سەر جوغرافیای سیاسی کوردستان یەکدەنگ بن و کاتێک دەگەڵ کاربەدەستانی تازەی ئێران دەکەونە وتووێژ، با بزانن مەبەست لە "کوردستان" کوێ یە.

خۆ دەتوانن لەسەر تۆمار کردنی ناوی ئەو هەموە شەهیدەی کوردستان و زیان وخەسارت و ماڵ وێرانی سی ساڵ کاولکاری یەکگرتوو بن و داوای قە رەبوو کردنەوەی ئەو کارەساتانە، لە کاربەدەستانی تازەی ئێران وە ک خاڵێکی وتووێژ دیاری بکەن.

ئایا ناکرێ لەسەر ئەم چند خاڵە، و ئەو خاڵانەی کە لە فیدرالیزمی خۆتاندا هەیە یەکگرتوو بن جیاواز لە بۆچونی سیاسیتان بە چەپ و راستەوە. ئایا ناکری ؟

یا رەنگە ئەوە بێ کە ئێوە گەلی کورد زۆر بە گێژ و ناحاڵی دەزانن، کە هەر جۆرێ خۆتان پێتان خۆش بو هەڵسوکەوت بکەن و بە کەیفی خۆتان تێئوری لە سەر تاقی کەنەوە و پرسی پێ نەکن و تەنیا بەڵێ تان بۆ بڵێن ؟

بەرەی تازەی کورد ئەم شتانە باش دەزانێ و زۆر وشیارە، بەو هۆیە ئەگر ئێوە هەر ئەم ڕۆ نەکەونە خۆ و لە سەر بەرنامەیەکی بەلانی کەمەوە تاکتیکی رێک نەکەون، ئەو باش بزانن کە لە پێشگای گەل رسوا دەبن و دەکەونە پراوێزەوە.

04.10.2009